# هەرکەسێک ویستی سەلەف بکات لە شتێکدا؛ ئەوا با سەلەف بکات لە پێوانەیەکی دیاریکراو، وکێشێکی دیاریکراو، وبۆ کاتێکی دیاریکراو

لە عبداللەی کوڕی عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: کاتێک پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هات بۆ مەدینە، ئەوان لە بەرووبوومەکاندا سەلەمیان (سەلەفیان)* دەکرد: بۆ ساڵێک ودوو ساڵ وسێ ساڵ، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «هەرکەسێک ویستی سەلەف (سەلەم) بکات لە شتێکدا؛ ئەوا با سەلەف (سەلەم) بکات لە پێوانەیەکی دیاریکراو، وکێشێکی دیاریکراو، وبۆ کاتێکی دیاریکراو». *(سەلەم یان سەلەف: جۆرە مامەڵەیەکی بازرگانییە کڕیار وەکو پێشەکیەک نرخەکە دەدات، وبەرهەمەکەی پێدەدرێت پاش ماوەیەکی تر)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

هەروەکو زانراوە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە کاتی کۆچکردنیدا لە مەککەوە بەرەو مەدینە هات، چونکە خەڵکی مەدینە خەریکی کاری شتوکاڵی وڕواندنی بەرووبوومەکان بوون؛ بۆیە سەلەمیان (سەلەفیان)* دەکرد، مامەڵەی سەلەم یان (سەلەف) بریتیە لەوەی لە پێشدا نرخەکە بدرێت وپاش ماوەیەکی تر بەرووبومەکە وەربگرێت، ماوەکە ساڵێک یان دوو ساڵ زیاتر یان کەمتر بێت، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕەزامەندی نیشاندا لەسەر ئەم جۆرە مامەڵەیە چونکە فرۆشتنی شتومەکێک نییە کە فرۆشیار خاوەنداریێتی نەکات کە سەربکێشێت بۆ زیان وفرۆشتنی نەزانراو -نەناسراو-، لەم جۆرە فرۆشتنەدا بەرووبومەکە وخاوەنداریێتی وکێش وماوە تێیدا جێگیر کراوە، لەگەڵ ئەمەشدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەندێک حوکمی بۆیان ڕوونکردەوە لەم مامەڵەیەدا کە لە ناکۆکی وبەگژیەکداچوون دووریان دەکاتەوە کە لەوەیە بەهۆی درێژی ماوەکە ڕووبدەن، فەرمووی: هەرکەسێک ویستی سەلەف (سەلەم) بکات لە شتێکدا؛ ئەوا با سەلەف (سەلەم) بکات لە پێوانە وکێشێکی دیاریکراوی بۆ دابنێت، ولە کاتێکی دیاریکراو بیگەنێت بە کڕیارەکە، ئەگەر کێش (بڕ) وماوەکە زانراو بوو ئەوا ناکۆکی دەبڕێتەوە، هەموو لایەنەکان مافی خۆیان وەردەگرن بە ئەوپەڕی سەلامەتیەوە. *(سەلەم یان سەلەف: جۆرە مامەڵەیەکی بازرگانییە کڕیار وەکو پێشەکیەک نرخەکە دەدات، وبەرهەمەکەی پێدەدرێت پاش ماوەیەکی تر)

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6079

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee